

# میهرداد ئاڤێستا شاعیرێکی دڵشکاو و وەفادار


وەرگێڕانی: جەواد حەیدەری

محەمەد ڕەزا ڕەحمانی یار ئەحمەدی، ناسراو بە مێهرداد ئاڤێستا، ڕۆژی 3 /2/ 1930 لەناو بنەماڵەیەکی ئەدیب لە شاری بروجێرد سەر بە پارێزگای لۆڕستان لە ئێران لەدایکبووە، سەر بە عەشیرەتی بەیرانوەند بووە، لە بواری فەلسەفە و موزیك و ئەدەبی فارسی دەستێکی باڵای هەبووە. لە ساڵی 1992 لە شاری تاران کۆچی دواییکردووە. باپیری( باوکی دایکی ) شاعیرێکی گەورە بووە و بە ناوی ڕەعنا شیعری وتوە. مێهرداد هەر لە تەمەنی منداڵییەوە، حەزێکی زۆری بۆ شیعروتن هەبووە، بە شێوەیەك بە کۆمەك و هاندانی مامۆستاکانی، لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە، دەستیکردووە بە شیعرنووسین.

شیعرەکانی سەردەمی مێرمنداڵی، کەمتر بڵاوبوونەتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مێهرداد بەهۆی هۆگری و شەیدایی بۆ قەسیدە (چامە)، ئیتر کەمتر ڕووی لە قاڵبەکانی تری شیعر کردووە. ساڵی 1942 ماڵیان لە بروجێردەوە بەرەو شاری تاران کۆچدەکرد و بارگەوبنەیان لە تاران دەخەن. لە قوتابخانەیەکی شەوانە خوێندن تەواودەکرد، دواتر دەچێتە زانکۆ و لە بەشی ( الاهیات) بەکالۆریس تەواودەکات، دواتر لە بەشی فەلسەفە ماجستەر وەردەگرێت، لە وەزارەتی پەروەردە دادەمەزرێت و چەندین خوێندنگەی شاری تاران وانە دەڵێتەوە. ساڵی 1954 بەهۆی ئەوەی کە چەندین شیعری لە دژی حکومەتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی نووسیبوو، بۆ ماوەك 7 مانگ وەك زیندانی سیاسی خرایە بەندیخانە.

ساڵی 1955 ژنی هێنا و بەرهەمی ئەو ژنهێنانەی، سێ منداڵ بوو بە ناوەکانی فەریبا و شەهرزاد و فروغە. لە ساڵی 1955 تا ساڵی 1961 بۆ ماوەی 6 ساڵ لە لای سباستین مۆنە فەیلەسووف و ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی سەرقاڵی خوێندنی عیرفانی ڕۆژهەڵات بوو. ساڵی 1966 سەردانی وڵاتانی فەڕەنسا و بەریتانیا و ئیتاڵیای کرد، لە بەریتانیا چاوی بە ڕاسل کەوت، لە ساڵی 1970 سەردانی فەڕەنسا و سویسرای کرد و چاوی بە ژان پۆل سارتەر کەوت.

مێهرداد لە هەرەتی لاویدا ئاشق و ئەوینداری کچێك دەبێت، بڕیاربوو، کە زەماوەندبکەن. کچەکە زۆر جوان دەبێت و بەهۆی ئەوەی، کە زۆر هاتوچۆی دەربار( ماڵی شا) دەکات، دوای ماوەیەك شا دڵی دەچێتە سەر کچەکە و دواتر شا پێشنیار ئەوەی بۆ دەکات، کە شووی پێبکات.

هاوڕێ و برادەرەکانی مێهرداد بەم کەین و بەینە دەزانن و بە شێوەیەك لە شێوەکان بەبێ ئەوەی هەستی مێهرداد بریندارببکەن، دوا لە مێهرداد دەکەن، کە ڕای سەبارەت بەو کچە بگۆڕێت و دەزگیرانداریيەکەی لەگەڵ ئەو کچە تێکبدات، بەڵام مێهرداد بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە، واز لە دەستگیرانەکەی بهێنێت. تا ئەوەی کە ڕۆژێك مێهرداد لەگەڵ هاوڕێکانی، دەستگیرانەکەی لەو شوێنە و بەو جلەی، کە خۆی بۆی کڕیوە دەبینێت، سواری ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی شا دەبێت. ئیتر مێهرداد بۆ چەندین مانگ تووشی خەمۆکی دەبێت و دەبێتە کەسێکی نەدوو و گۆشەگیر و بێدەنگ. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کاتێك کە شا لە ئێران دەڕوات، ژنەکانی شاش لە ترسی فەرەحی پەهلەوی هەموویان، هەریەکەیان بۆ وڵاتێك تێیتەقاند و بۆی دەرچوون، دەستگیرانەکەی مێهردادیش بارگەوبنەی تێکەوەدەپێچێت، ملی ڕێگای فەڕەنسا دەگرێتەبەر، لەو وڵاتە دەگیرسێتەوە، دوای ماوەیەك دەستگیرانەکەی وەبیر خۆشەویستییەکەی جارانی دەکەوێتەوە، تووشی ئازاری ویژدان دەبێت و نامەیەك بۆ مێهرداد دەنوسێت و داوای لێدەکات لێیخۆشبێت، مێهردادیش لە وەڵامی نامەکەیدا ئەم شیعرەی بۆ دەنووسێت.

**وەفادارم بووم و نەبووی، جەفات نەدی و دیتم**
**پەیمانت شکاند و من نەمشکاند، لێمدابڕای و لێتدانەبڕام**
**ئەگەر لە خەڵکی لۆمەم و گەر لە کردەوە پەشیمانی**
**هەمووم لە دەست تۆ بینی و لە تۆم بیست**
**من کێم شکۆفەی فرمێسکێك، کە هەموو شەوان لە سۆیی تۆ**
**بە گلەییەوە بۆلای تۆ ڕامکرد و و فرمێسکم باراند**
**لە هەموو خۆشی و شادییەکانی جیهان غەم بوو بە بەشم**
**چونکە لە هەموو جیهان سۆزی تۆم هەڵبژاردبوو**
**وەك مۆم نەتوایەوە لە ڕۆژانی ڕەشمدا**
**وەك مووسی سپی بەختم خۆی دەرنەخست**
**بێجگە لە وەفا و لوتف هیچی تر نامێنێتەوە لەم جیهانە**

وتارو لێکۆڵینەوە



**مێهرداد ئاڤێستا لەو شاعیرە دەگمەنانەیە، کە لەدوای بزووتنەوەی مەشروتە لە بەرهەم و شیعرەکانی خۆیدا، باسی لە ئازار و نەهامەتی و نەگبەتییەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی کردووە، بارودۆخی نالەباری ئەو سەردەمە دەخاتەروو. یەکێکی تر لە هەوڵەکانی مێهرداد ئاڤێستا لە شیعردا هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە**

**منیش جگە لە پشیمانی و لۆمە هیچی ترم نەبینی**
**باری خەمی دڵ تۆ ئەوەندە قورسە ناتوانم هەڵبێم**
**گلەییم بە دەستگرتووە، ناڵەشم بە کۆڵ هەڵگرتووە**
**لاویم وەك ئەسپێکی سەرشێت لەدووت تێدەتەقێنێ**
**وەکو تۆزی و خۆڵی هەنگاوت ڕامکرد و پێت نەگەیشتم**
**لە بێبەختی هەندێك جار فرمێسکم لە دیدە هاتەخوار**
**هەندێك جار لە داخی گەردوون ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا**
**وەفادار نەبووی  و بووم، وەفام بردە سەر و نەتبرد**
**دیتت لەسەر بەڵێنم سورم ئەی پرشنگی هیوام**

مێهرداد ئاڤێستا یەکێك لە شاعیرانی هاوچەرخی ئێران، کە لە شیعر وتندا پەیڕەوی لە شێوازی کۆنی خوراستانی[1] کردووە، لە قاڵبی قەسیدەدا داهێنانێکی زۆری لە شیعری ئەمڕۆییدا کردووە، هەندێك پێیانوایە» مێهرداد ئاڤێستا شێوازی شیعری خۆراسانی ژیاندووەتەوە، شێوازی خۆراسانی نوێی دامەزراندووە و هەندێکیان پێیانوایە ئەو جێگرەوەی خاقانی شاعیرە»[2]. مێهرداد لە قەسیدەکانی خۆیدا بە شێوازی ناسر خەسرەو [3] و خاقانی و مەسعود سەعد سەلمان[4] دەنووسێت، لە هەندێك لە شیعرەکانیدا جەوهەری فەلسەفی و بیرکردنەوەی تێدا دەبیندرێت.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی مێهرداد ئاڤێستا، بە پێچەوانەی شاعیرەکانی شێوازی خۆراسانی، کە زیاتر مەدحی پاشا و خزم و کەسی پاشا بوو، زیاتر سیاسی و کۆمەڵایەتییە و ئەو هەوڵیدەدا، کە کەموکورتی و ناهەقی و نادادییەکان بە شێوەی شیعر و لە قاڵبی شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرببڕێت. شێوازی شیعری مێهرداد دەتوانین بڵێین تایبەت بە خۆی بوو، هەر بۆیە پێیدەڵێن زیندووکەرەوەی شێوازی خۆراسانی و هەندێکی تریش پێدەڵێن، دامەزرێنەری شێوازی نوێی خۆراسانی.

لە لایەکی ترەوە زۆرجار ناوەڕۆکی شیعرەکانی مێهرداد ئاڤێستا، بۆن و بەرامەی سیاسی و نیشتمانی و حەماسی و ئەستوورەیی و سۆزدارانە بەخۆی دەگرێت.

زمانی شیعری مێهرداد ئاڤێستا زمانێکی نەرمونیان و تەڕ، بەدوور لە گرێوگۆڵ، هاوکات لەوەی کە قەسیدە دەهۆنێتەوە لە بواری غەزەلیش دەستێکی باڵای هەیە و هەندێك لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی، کە بە شێوازی غەزەل نووسیونی لە

شیعرەکانی سەردەمی بزووتنەوەی مەشروتە دەچێت. غەزەلەکانی ئەو زیاتر ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییەکان هەیە، هەندێك جاریش غەزەلی ئاشقانە و سۆزدارانە و هەندێك جاریش هاتو هاوار دەکات و لە هەندێك شوێندا هەر جنێوەدات.

مێهرداد ئاڤێستا لەو شاعیرەدەگمەنانەیە، کە لەدوای بزووتنەوەی مەشروتە لە بەرهەم و شیعرەکانی خۆیدا، باسی لە ئازار و نەهامەتی و نەگبەتییەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی کردووە، بارودۆخی نالەباری ئەو سەردەمە دەخاتەڕووە. یەکێکی تر لە هەوڵەکانی مێهرداد ئاڤێستا لە شیعردا هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە، باس لە کۆچی گوندییەکان بۆ شارەکان، هەروەها خستنەڕووی گەندەڵی و زۆر و زوڵم ئەرکێکی تری ئەو شاعیرە بووە، لە شیعرەکانیدا ئەو چەمکانە ڕەنگ و دەنگدەدەنەوە. هەر ئەوەش وای کردووە، کە شاعیرێکی جەماوەری و خەڵك خۆشەویست بێت و خەڵکی ڕێزێکی تایبەتی لێدەگرن. شیعر بۆ ئەو وەك چەکێك وایە، کە دەتوانێت بۆ بەرگری لە هەژاران و زوڵملێکراوان بەکاریبهێنێت، هەندێك جار شیعری ئەو هاواری هەقخوازانە و ڕەخنەگرانە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی، بۆ گوێچکەی هەمووماں، ئەوەش بە ئەرکێکی مرۆیی و ئەدەبیی خۆی دەزانێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە شاعیر دەبێت پیاوی سەردەمی خۆی بێت، کە خۆیشی وا بوو هەر بەم شێوەیە ژیا و هەر بەو شێوەیەش مرد.

**بەرهەمەکانی مێهرداد ئاڤێستا**

1- ساغکردنەوەی دیوانی سەڵمانی ساوجی

2- ساغکردنەوەی دوو نامیلکەی خەیام بە ناوەکانی « رسالەی وجود» و نەورۆزنامە

3- کتێبی فەلسەفە و لوجێك و دەروونناسی قوتابیەکانی دواناوەندی

4- لە کاروان ڕۆیشتووە، دیوانی شیعر

5- شەرابی ماڵەوە

6- حیماسەی ئارش

7- پالیزبان ( کۆمەڵێك پەخشان و چیرۆك)

**پەراوێزەکان:**

1. شێوازی خۆراسانی کە شێوازی تورکستانیشی پێدەڵێن، زیاتر جەخت لەسەر نەریتە لەفزی و وێنەیی دەکات، کەمتر وشەی عەرەبی تێدایە، لەباری ڕوخسارەوە زۆر سادە و ڕەوان و دەستەواژەی قورس و گرانی تێدا نییە، لەباری ناوەڕۆکەوە ڕاشکاوی و چواندن و لێکچوان و ڕاستگۆیی تێدا دەبیندرێت. ناوەڕۆکی زۆربەی هەرەزۆری شیعری شاعیرانی خۆراسانی مەدح و پێداهەڵدانی سروشت، هاوکات مەدحی شەڕ و قارەمانێتیی پاشایان و هەندێك جار پەند و ئامۆژگارییە.

2. فەزلەدین بەدیل بن عەلی خاقانی شروانی، ناسراو بە خاقانی ساڵی 520 کۆچی مانگی لە شاری شروانە لە ئێران لەدایکبووە، ساڵی 595 کۆچی مانگی لە شاری تەورێز کۆچی دواییکردووە، هەر لەو شارەش بەخاك سپێردراوە. خاقانی یەکێك لە هەر شاعیرە مەزنەکانی ئێرانە کە قەسیدەکانی بەناوبانگن .

3. ئەبو موعین ناسر بن خەسرەو بن حارس قوبادیانی بەلْخی، ناسراو بە ناسر خەسرەو ساڵی ڕۆژی 3 ی ئەیلولی ساڵی 1004 زایینی لە دایکبووە و ساڵی 1088 کۆچی دواییکردووە، لە بوارەکانی فەلسەفە و شیعر و پزیشکی و موزیك و زانستی کەلام و ئەستێرەناسی شارەزا بووە، ناسر خەسرەو و حافزی شیرازی و ڕوودەکی سێ شاعیری گەورەی فارسن، کە سەرلەبەری قورئانیان لەبەرکردووە. ناسرخەسرەو شوێنکەوتووی مەزهەبی ئیسماعیلییە بوو و بانگەشەی بۆ مەزهەبە دەکرد.

4. مەسعود سەعد سلمان شاعیر و ئەدیب و خوشنووس، ساڵی 1046 زایینی لەدایکبووە، ساڵی 1121 کۆچی دواییکردووە، بەشێك لە تەمەنی خۆی لە زیندان بەسەربردووە. زۆربەی قەسیدەکانی لە مەدحی پاشاهانی عەزنەوی بوو ، هەندێك وشەی هندی لە شیعرەکانیدا دەبیندرێت.